# کرێچیەتی.. ماڵێك بە کۆڵەوە

## بەدواداچوونێکی رۆژنامەنووسیە لەسەر ژیانی کرێچیەتی

ئا : ئیسماعیل ئەبابەکر

کرێچیەتی لە کوردستان ژیانی زۆرێك هاوڵاتیانی توشی قەیران کردووە. ئەم راستیەش لەکاتێکدا دانی پێدا دەنرێ ئەگەر لە نزیکەوە لە گەل یەکێ لەو خێزانانە بێینە قسە کە کرێنشینن.

(سۆران)یش کە بەم چەند ساڵەی دوایی گۆرانێکی خێرای لە فراوانبوون بەخۆیەوە بینیو ژمارەی خێزانەکانی لە ئێستادا گەیشتۆتە (٢٣) هەزار خێزان، وەك باقی شاروشارۆچکەکانی کوردستان قەیرانی نیشتەجێبوون ژیانی خەڵکێکی لە کرێکارو کاسبکار و فەرمانبەران بردۆتە بەر باری ژیانێکی دژوار و پڕ مەینەتیو ماندووبوون..

دوو مامۆستا نزیکەی سێ ساڵە ژیانی هاوسەرێتیان پێکەوە ناوە ئەگەرچی زۆربەی ئەو خاڵانە دەیانگرێتەوە کەدەکرێ لە وەرگرتنی زەوی سودمەندبن ،بەڵام بە درێژایی دەسپێکردنی ژیانی هاوسەرێتیان لە گەڕەکی گەلاڵە لە خانوێکدا بەبری (٢٥٠٠٠٠) دووسەدو پەنجاهەزاردینار لە مانگێکدا کرێچین. (مامۆستا یوسف)دەڵێ"هەرچەندە منو هاوسەرەکەم وەزیفەدارین، بەلام ژیانی کرێچییەتی لەوپەری ناخۆشیدایە. بەراستی مانگ وەك یەك رۆژ وایە، بۆ کرێچی لەچاوتروکانێکدا سەرەمانگ دادێت، باوەرکە زۆر جار دەڵێین ئەگەر موچەمان نەبوایە دەبوا چیمانن کردبا بۆ





کرێــی خانوو!" ئەو مامۆســتایە لەگــەڵ ئەوەی باس لــەوە دەکات کــە خاوەنی خانوەکــەی بە هۆی ناســیاوەتی لــە گەڵیدا باشــن و بارودۆخــی ئەویــان لەبــەر چاوگرتووە بەڵام ئەوە ناشارێتەوە کە ساڵانە کرێی خانوویان لەسەر زیاد دەکات!لەکۆتاییشــدا هیوای خواســت کە حکومەتــی هەرێم ئاوڕێکــی جدی لە کرێنشــینان بداتەوەو یاسایەك بۆ ڕێکخستنی مــافو ژیانــی کرێچیــان بخاتە بەرنامەکانیەوە.

ژیانــی کرێچیەتــی بــۆ ژنو مێردێــك کــە موچــە خۆربــن باشترو لەبارترە لە خێزانێکی (٤) نەفــەری کە هیــچ موچەیەکیان نەبێــتو تەنها ســەرەك خێزان لە ڕێی کاری دەســتگێڕیو ســەر عارەبانــە خــۆی مانــدوو بکا بۆ پەیداکردنی بڕێك پارە کە هەر وەك ( قادر مەلا ) خۆی دەڵێ "نازانێ نە بیداتە کرێی خانو نە مەسروفی ماڵومنداڵەکانــی پێبکات! ئەمە جگە لەوەی کە ترســی خۆیشــی لە هاتنی وەرزی زستان پیشانداو وتی"مانگانــە بــڕی ٣٠٠,٠٠٠ دینــار لەئــاوو کارەباو کرێی خانوو دەدەم، لەبەرامبەریشــدا خــۆم دەکوژم، خــۆم زۆر ماندوو دەکــەم تــا دەتوانم مانگانــە ئەوپــەڕی زۆری تا(٣٥٠٠٠) ســێ سەدوو پەنجا هەزار دینار بەکاری عارەبانچێتی پەیدا دەکەم! نازانم ئەو پارەیە چەندی بدەمە کرێی خانوو چەندیشــی بۆ مەسروفی منداڵەکان تەرخــان بکەم ! ئەوە زســتانیش هات کەواتە پارەکەم تەنها بەشــی کرێی خانوو کرینی سوتەمەنی دەکات!!" ئەو پیاوە کاســبکارە گلەیــی زۆریشــی لە دامودەزگا بەرپرسە حکومیەکانی دەڤەرەکــەی هەیە کــە هەرگیز بارودۆخــی ژیانــی کرێچــیو کاســبکاران لە بــەر چاوناگرنو دەڵێ "حکومەت لە جیاتی ئەوەی هەوڵبــدا شــوێنێك بــۆ نیشــتە جێبونــی خێزانــە کرێچیــەکان دابین بکات یان کرێی خانوویان بۆ



هەرزان بکات! دێت ڕێ لە کاسبکاران دەگرێتو لێناگەرێ کاسبیەکەیان بکەن هەمــوو ڕۆژێ بەهانەمان پێدەگرنوو عارەبانەکانمان لەوســەر بۆئەوســەر دەردەکــەن!!" لە کۆتایــی قسەکانیشــیدا داخێکی قووڵی هەڵکێشــاو، وتی" من ســاڵانە ســێ تاچوار خانوو دەگۆڕم بە هۆی گرانی نرخ ، نەنگیشــە لەبەر خۆشەویستی هاوسەرەکەمو منداڵەکانم کەشــتێکی وادەڵێم..بەڵام باوەڕکە پەشیمانم لەوەی ژنم هێنا، خۆزگە زوو نەفرەتم لەو وڵاتە دەکردوو جێمدەهێشت!"

(عەبدوڵڵائەحمــەد) یش کە بــە کرێکاریەکی پڕ لــە ماندوبوون بەرەنگــاری زەحمەتیەکانــی کرێچیەتــیو گرانــی نرخــی کاڵاو پێداویســتیەکانی ڕۆژانە، بۆ ٦ ســەر ئەندام لەخێزانەکەی دەبێتەوە کە زۆربەی منداڵەکانیشــی قوتابین، بەمجۆرە هاتە قســەو باســی لە هیلاکیو برکوژانی ژیانی خۆی کرد "لەدووری شار خانوێکی ســەر خــۆڵم بەکرێ گرتووە بــە ٩٠٠٠٠ نەوەد هەزار دینار، ڕۆژانە من خۆم بە پێ دێمە ناو بازارو لەمەیدانی کرێکاران چاوەڕێدەکەم تا کەســێك بۆکارکردن بانگم دەکات ئەگەر هەموو ڕۆژێ کارم هەبێت ســەرەڕای مانووبونیــش دەتوانم لەگەڵ خێزانەکــەم ژیانێکی باش بژین، بەڵام باوەڕکــە هەندێجار لە هەفتەیەکــدا تەنها دوو ڕۆژ کارم دەبێت، بۆیە زۆرجار لەبەر نەبوونی کارو خەرجی ڕۆژانەی منداڵەکانم و مەسروفی ماڵەوە نەمتوانیوە لە ســەرە مانگو لەکاتی دیاریکراودا کرێی خانوو بدەم بۆیە خاوەن خانوو لەســەر ئەوە کێشەم بۆدروستدەکاو ناچارم دەکات پــارەی بــۆ قەرز بکــەم" دواتر لــە ئاخاوتنەکانیــدا ئاماژە بەوەشــدەکات کە خــاوەن خانوەکان (ئەوانەی خانــوو بەکرێدەدەن) زۆرجار ئەگەر یەکێك کرێی خانوی بۆ زیاد بکات "بێ ئینســافیانە" ئامادەیە خانوو بە کرێچیەکەی چۆڵ بکات!

(زیرەك ســلێمان) یش کە ئێستا مامۆستایە هەموو ئامادەکارییەکی بۆ چونە ناو ژیانی هاوسەرێتی کردووە بەڵام بەهۆی نەبوونی خانوێك بۆ نیشــتە جێبوون کە وەك خۆی دەڵێ "ماڵی باوکی خۆشەویستەکەی لە پێشــەکیدا"داوای لێدەکەن کێشەیەکە بۆی دروست بووە، بۆیە بە گلەییــەوە لەقســەکانیدا وتی"بەڕاســتی حکومــەت زوڵم دەکات کە

## كرێچیەكان دەڵێن:

* بۆ ئێمەمانان، مانگ بەچاوتروكانێك دەڕوا

* هەموو ساڵێك كرێی خانووم لەسەر زیاد دەكرێت

* داهاتی من تەنها بۆ كرێی خانوو و سووتەمەنیه

و ....

مشورێكی دابینكردنی خانوو بۆگەنجان ناخوات كەبەو هۆیەوە ناتوانن ژن بێنن! باوەڕكە ناوم لایە كەنەژنی هەیە نە خزمەتی زۆریش بەڵام بە واسیتە زەوی وەرگرتووە!!"

ئەوانەی خانووی بۆ بەكرێدانیان هەیە قسەیان نەكرد

دوای ئەوەی كە چەندێ لە كرێچیەكان گلەییان لە خاوەنی خانوەكانیان كرد لەوەی كە ساڵانە كرێیان لە سەر زیاد دەكەن، بە زیادكردنی نرخی كرێ یا داوای زیادكردنی كرێی خانوو یا چۆڵكردنی لە كرێچیەكان دەكەن! لە رێگای نووسینگەكانی بە كرێدانی خانوو توانیمان چاومان بە چەند كەسێك لە ساحێب خانووەكان بكەوێ بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون هیچ لێدوانێك لەو بارەیەوە بدەن. خاوەنی نووسینگەی ئاراسیش كە خانوو بەكرێ دەدات لەبارەی كرێی خانوو لەسۆران رایگەیاند كە بەرزترین نرخی خانوو بۆ خەڵكی ئاسایی لەناوەندی شار دەگاتە نزیكەی ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزارو لەدووری ناوەندی شاریش ٧٥٠٠٠ حەفتاوپێنج هەزار دینارە بۆ رێكخراوو بارەگا حیزبیەكانیش تا ١٥٠٠٠٠٠ یەك ملیۆن‌و پێنج سەدهەزارە .سەبارەت بە ژمارەی كرێچیانیش لە سۆران پێیوایە بێ ئەژمارە چونكە رۆژانە دەیان كەس سەردانی دەكەن بۆ هەبوونی خانوی كرێ كە دەڵێ لە نێویاندا "قوتابی‌و خوێندكاری دەرەكیش هەن" و داوای خانوی كرێ دەكەن. ئەمەو باسی لەوەشكرد كە رێژەی خانووی كرێ لەبەرامبەر ژمارەی كرێچیان زۆر كەمترە. هەروەها گرتنی خانوو لەلایەن رێكخراوە حكومی‌و مەدەنی‌و حیزبیەكان‌و گەرانەوەی خەلكی دێهاتی‌و بەجێهێشتنی گوندەكانیان لە پایزان بە هۆكارێك دایە قەڵەم بۆ بەرز بوونەوەی نرخی كرێ لەم وەرزەدا لەكۆتایی قسەكانیشیدا ئەوەی راگەیاند كە یەكەی ئیداری سۆران تا ئێستا هەنگاوێكی جیددی بۆ چارەسەركردنی نرخی كرێی خانوو نەناوە!

### دروستبوونی رێكخراوێك بۆ داكۆكیكردن لەمافەكانی كرێچی

كۆژانی كرێنشینان‌و نەبوونی میكانیزمێك بۆ بچووككردنەوەی قەبارەی قەیرانەكە لەلایەن حكومەتی هەرێم، دروستبونی رێكخراوێكی بۆ داكۆكیكردن لە مافی كرێنشینان بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم رێكخراوە كە ئێستا لقێكی لەسۆران هەیەو ئامانجی داكۆكیكردنە لەكرێنشینان،. وەك (عەبدوڵلا ئیسماعیل) سەرۆكی لقەكە لە سۆران رایگەیاند كە لەكاتی دروستبوونی كێشە لەنێوان كرێچی‌و خاوەنی خانوو ئامادەن پارێزەر بۆ كرێچی بگرن. هەروەها ئاماژەی بەوەشدا كە كەرێكخراوەكەیان پرۆژەیەكی داوەتە پەرلەمان بۆئەوەی كرێی خانوو بە پێی رووپێوی شارو شارۆچكەو خانوو بەیاسا دیاریبكرێ‌و پەرلەمانیش دەنگی بۆداوە. دەربارەی رێژەی كرێچیانیش لەسۆران دەڵێ "تائێستا ئامارێكی وردمان لەبەردەستدا نیە بەڵام بەپێی ئەوسەرچاوانەی لەبەردەستماندایە نزیكەی ٤٠٠٠ چوار هەزار كرێچی لەسۆران هەیە. ئێمەش وەك لقی سۆران زیاتر لە ٤٠٠ چوارسەد ئەنداممان هەیەو بەردەوامیش ژمارەیان لەزیادبوونە"

هەر سەبارەت بە رێژەو ژمارەی كرێچیان لە سۆران (كرمانج عزەت) قائیمقامی قەزای سۆرانیش رایگەیاند كەوا ئامارێكی وردبینیان لەبەر دەست نیە بەڵام پێیوایە ژمارەی كرێچیان لەسۆران "زۆر زۆرە" بۆ ئەوەش كە ئایا هیچ بەرنامەیەكیان لەبەر دەستە بۆ چارەسەركردنی كێشەی نیشتە جێبوون؟ بەمجۆرە وەڵامی داینەوە "دووساڵ پێش ئێستا لیژنەیەكمان پێكهێنا بۆئەوەی خەڵكی كرێچی دیاریبكەین تا بتوانین زەوییان پێبدەین ٧٥٠٠ حەوت هەزارو پێنج سەد داواكارمان بۆهات كە گوایە ئەو ژمارەیە هەموی كرێچین، بۆیە پێمان وابوو ئەو سكاڵاو داوایانە هەمووی موستەحەق نین، بۆیە نەمانتوانی زەوی بەو هەموو خەڵكە بدەین. ئێستاش هیچ بەرنامەیەكی نوێمان لەبەر دەستدا نیە" بەلای قائیمقامی سۆرانەوە دابەشكردنی زەوی چارەسەری كێشەی كرێچیەتی ناكات، بۆیە پێیباشە سیستەمی جێنشینكردن لە كوردستان بگۆردرێ بۆستونی (شوققە). بۆ دروستكردن‌و بوونی پرۆژەی شوققە لەسۆرانیشدا رایگەیاند كە چەند كۆمپانیایەك هەن دەیانەوێ شوققە دروست بكەن لای خۆیشیانەوە كارئاسانی‌و زەمینە سازییان بۆ كردوون بەڵام رایگەیاند كە كۆمپانیاكان لەسەر ئەوە ساردبوونەتەوە كە خەڵكی نایەوێت لە شوققەدا گوزەران بكەن‌و حەزییان لە خانوی سەربەخۆیە! سەبارەت بەوەش كەئایا كرێچیەتی هۆكارێك نیە بۆ ئەو زیادەرۆییەی لە سۆران هەیە وتی"هەموو هۆكارەكە نیە بەڵام بەشێكە، چونكە خەڵك هەیە خانوی خۆی هەیەو تەجاوزیشی كردووە بۆبازرگانی!"